# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## نۆیەم راپۆرت: گرفتەکانی کارگێری قوتابخانەکان

### حوزەیران ٢٠١٨

١/٧/٢٠١٨

## پێڕست


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |


### بەشی یەکەم: ناساندن

١. پێشەکی
٢.کارنامەی یەکەکە
٣.ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## ١.پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (٢٤) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبونی و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشک لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

## یەکەم: ناساندن

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناو×ةی گەرمیان

### ١. رادیۆی دەنگ:

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢/٢/٢٠١٠) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢/٢/٢٠١٠) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی ٩٩.٩ FM پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### ٢. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## ٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە،پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە برپارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێرپییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ برپاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دوەم : راپۆرت

١. دەستپێک

٢. راي بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن لە بارەی لایەنی کارگێڕی ناوەندەکانیان

أ- بەڕێوبەری ناوەندە بنەڕەتییەکان

ب- بەڕێوبەری ناوەندە ئامادەییەکان

٣. راي یاریدەدەرانی قوتابیان و خوێندکاران لە ناوەندەکان

أ- یاریدەدەری قوتابیانی بنەڕەتیەکان

ب- یاریدەدەری خوێندکارانی ئامادەییەکان

٤. راي یاریدەدەرانی کارگێڕی لە ناوەندکان خوێندن

أ- یاریدەدەری کارگێڕی بنەڕەتیەکان

ب- یاریدەدەرانی کارگێڕی ئامادەییەکان

٥. راي بەڕێوبەرانی پەروەردە و سەرپەرشتیاران لەسەر بەڕێوەچونی لایەنی کارگێڕی ناوەندەکان

## ١. دەستپێک

چۆنیەتی و شێوازی بەرێوەبردن خاڵی گرنگی هەر دامەزراوەییەک بە جۆرێک تا بەرێوبردنێکی باشی هەبێت دامەزراوەییەکی پێشکەوتوی دەبێت.

لە سنوری پەروەردەی گەرمیاندا ژمارەیەکی زۆر قوتابخانە و ناوەندی خوێندن هەیە، لەم راپۆرتەدا شێوازی بەرێوبردنی لایەنی کارگێڕی قوتابخانەکان و ئەو گرفتانەی کە روبەروی لایەنە کارگێرییەکانی قوتابخانەکان دەبێتەوە لەگەڵ چارەسەرەکانیان باس دەکەین.

بەپێی ئاماری بەرێوبەرایەتی پەروەردەی کەلار بۆ ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨ یاریدەدەری کارگێری و یاریدەدەری خوێندکاران و قوتابیان لە ناوەندە ئامادەیی و بنەڕەتیەکان بەم شێوەیە :

| | یاریدەدەری کارگێڕی | یاریدەدەری قوتابی و خوێندکار |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | ٥٠ | ١٠١ |
| ئامادەیی | ٣٠ | ٢١ |

بەپێی ئاماری بەرێوبەرایەتی پەروەردەی کفری بۆ ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨ یاریدەدەری کارگێری و یاریدەدەری خوێندکاران و قوتابیان لە ناوەندە ئامادەیی و بنەڕەتیەکان بەم شێوەیە :

| | یاریدەدەری کارگێڕی | یاریدەدەری قوتابی و خوێندکار |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | ٣٠ | ١٥ |
| ئامادەیی | ١٠ | ٤ |

## ٢. رای بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن لە بارەی لایەنی کارگێڕی ناوەندەکانیان

سەبارەت بە بەڕێوەبردنی لایەنی کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندن لە سنوری پەروەردەی گەرمیان هەریەک لە بەڕێوبەران وتەی خۆیان هەیە سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ناوەندەکانیان و بە تایبەت لە ناوەندەکانی دەرەوەی شار کە نە توانراوە یاریدەدەری قوتابیان و کارگێریش دابین بکرێت.

## ١. بەڕێوبەری ناوەندە بنەڕەتییەکان

یەکێک لە گرفتەکانی بەرێوبەران نەکردنەوەی خول و راهێنانە سەبارەت بەرێوبردنی کارە ئیدارییەکان و هەندێک لە بەڕێوبەری ناوەندەکان لەسەر حسابی خۆیان رۆشتون و خول و خوێندنی تایبەت بە کارگێڕیان تەواو کردوە، بۆ ئەوەی پەرە بە توانای خۆیان بدەن بۆ کارەکانی رۆژانەیان.

مەحمود سالّح قادر، بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئاسۆ)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "من بۆ ماوەی (٦) ساڵە بەڕێوبەرم و هیچ خولێکی ئیداریم نەبینیوە کە لە لایەن پەروەردەوە کرابێتەوە، بەڵکو خۆم بەشداری خولێکم کرد بۆ ماوەی شەش مانگ کە تایبەت بو بە ئیدارە و لەسەر حسابی خۆم رۆشتم کە بوم بە بەڕێوبەریش ئەزمونی ساڵانی پێشوترم هەیە کە یاریدەدەر بوم، هەروەها (٤) یاریدەدەرم هەیە بە کارگێڕی و قوتابیانەوە، بەهۆی ئەوەی دو دەوامین".

وتیشی: کارەکان لەلای ئێمە دابەشکراوە، خۆم سەرپەرشتی هەمو کارەکان دەکەم یاریدەدەرەکانیش هەر یەکە و کاری خۆی دەکات چ پەیوەندی بە لایەنی ئیداری بێت چ قوتابیان بێت و هاوکاری یەکدی دەکەن پێکەوە، ئەوەی پەیوەندیداربێت بە ناوەندەکەمان دەیکەین، هەروەها لە ناوەندەکەمان (١٢) لیژنەی تایبەت بە کارەکان هەیە و مامۆستایانیش تێیدا بەشدارن لەگەڵ یاریدەدەرەکان.

باسیلەوەشکرد: لەگەڵ ئەوەش ئێمە تۆماری ئامادەبونی مامۆستایانمان نیە، بەڵکو خشتەیەکی تایبەت بە وانەکان هەیە و هەروەها لەگەڵ کاتی وانە وتنەوەکە بە پێی ئەو خشتەیە دەرۆین، وە لە ئیستادا لە (٩٥%) لایەنی ئیداری ناوەندەکان باش بەڕێوە دەچێت، چونکە بە پێی رێنماییەکانی پەروەردە بەڕێوە دەچێت، ناوەندێکیش وا نەبێت ئەوە بەڕێوبەرەکەی سستە.

لە ناوەندەکانی خوێندن ئەو مامۆستایانەی بون بە بەڕێوبەر لەسەر بنەمای ئەوە بون کە پێشتر ئەزمونی کارکردنیان هەبوە وەک یاریدەدەر و هیچ خولێکی ئیدارییان نەبینیوە.

حەسەن سەمین محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (نیشتمان)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "ئەمساڵ بوم بە بەڕێوبەر و لەسەر بنەمای ئەوە بوم بە بەڕێوبەر پێشتر یاریدەدەر بوم و هیچ خولێکی ئیداریم نەبینیوە، ٢ یاریدەدەریشم هەیە کارگێڕی و قوتابیان، ئێمە ئیشەکانمان پێکەوە دەکەین راستە بەناو وایە، بەڵام هەر پێکەوین".

وتیشی: دۆسیەی تایبەت بە مامۆستایانمان هەیە، بەڵام هی قوتابیان گشتیە، لەگەڵ ئەوەش لیستی ئامادەبونمان نیە، چونکە ژمارەی کەسەکانمان دیارن کە دەوام دەکەن، هەروەها لەگەڵ یاریدەدەرەکان یەک ژورمان هەیە و پێکەوە کارەکانمان دەکەین ئەو مۆرەشی کە هی خوێندنگایە پێکەوە بەکاری دەهێنین.

بە هەمان شێوە، ئەبوبەکر عەلی حەسەن، بەڕێوبەری قوتابخانەی (راپەڕین)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، دەڵێت: "من بۆ ماوەی (٨) ساڵە بەڕێوبەرم و پێشتر یاریدەدەر بوم، خولی ئیداریشم بینیوە لە ساڵانی پێشوتر بە کۆی گشتی لە روی دەرونناسی و هەڵسەنگاندن، هەروەها (٣) یاریدەدەریشم هەیە کارگێڕی و قوتابیان، کارەکان دابەشکراون و مەرج نیە هەر یەک کار بکەن دەبێت هەردو کارەکە بکەن و شارەزاییان هەبێت لە بواری یەکدی چ کارگێڕییەکە چ قوتابیانەکە بەهۆی هەندێک حاڵەت".

وتیشی: پێدانی مۆڵەت بە مامۆستایان بە پێی رێنمای پەروەردە دەبێت بە نوسراو بێت و ئاراستەی پەروەردە دەکرێت، بەڵام ئێستا بەهۆی دۆخەکەوە شتەکان ئاڵۆز بوە و ناوەندە بنەڕەتیەکان وەک زانکۆی لێهاتوە بوە بە (وانە بە وانە) ناشبێت وابێت، چونکە خێزانی قوتابیان بە بەردەوامی سەردان دەکەن زۆر جار مامۆستای بابەتەکەی لێنابێت.

لە ئێستادا بەهۆی دۆخی دارایی پێدانی مۆڵەت بە مامۆستایان بوە بە هاوکاری لە بری مۆڵەت پاش تەواوکردنی وانەکانیان دەڕۆنەوە.

عەلی ئەحمەد فەتاح، بەڕێوبەری قوتابخانەی بنەڕەتی (باوەنور) لە ناحیەی باوەنور، دەڵێت: "بۆ ماوەی (٤) ساڵە بەرێوەبەرم و خولی ئیداریم نەبینیوە، یاریدەدەری کارگێڕیم هەیە، بەڵام هی قوتابیانم نیە بەهۆی کەمی ژمارەی قوتابیان، هەروەها بۆ ئیش و کارەکانی رۆژانەش کۆمپیوتەر بەکار دەهێنین ئەگەرچی هەندێک جار کارەبا نیە و بە نوسراوی دەستی وەڵام دەدەینەوە".

وتیشی: پێدانی مۆڵەت بە مامۆستایان پێشتر بە نوسراو بوە ئێستاش هەندێکجار بە بێ نوسراوە، پێدانی مۆڵەت ئەوەیە مامۆستا وانەکەی خۆی بڵێتەوە و بڕواتەوە کەم مۆڵەت ئەدەین مەگەر حاڵەتی پێویست هەبێت.

لە ناوەندەکانی دەرەوەی شار نە یاریدەدەری کارگێڕی هەیە و نە یاریدەدەری قوتابیان، هۆکاری ئەمەش کەمی ژمارەی قوتابیانە، ئەمەش ئەرکی بەڕێوبەرەکانی قورس کردوە بۆ راپەراندنی کارەکانیان.

یاوەر ئەحمەد محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی بنەڕەتی (چرچەقلا) لە ناحیەی شێخ تەویل دەڵێت: "من بۆ ماوەی (٦) ساڵە بەڕێوبەرم و هیچ خولێکی ئیداریم نەبینیوە، بۆ ئەنجامدانی کارەکانی رۆژانەمان بەهۆی ئەوەی لە لادێ نیشتەجێم مامۆستاکانم کارەکان ئەنجام دەدەن ئەوانەی کە پەیوەندی بە پەروەردە هەبێت بۆ ناردنی نوسراو یان

وەڵامدانەوەی نوسراوەکان کە ئاراستەمانی دەکەن، لەگەڵ ئەوەش هەندێکجار خۆم سەردان دەکەم، هەروەها بۆ ماوەی (٣) ساڵە نوسراوم داوە کە بەڕێوبەری بۆمن نابێت بەڵام کەسێک نیە وەری بگرێت بەهۆی ئەوەی کە لە دەرەوەی شارم".

وتیشی: پێدانی مۆڵەت بە مامۆستایان بە نوسراوە و دواتر دەینێرینە پەروەردە، تۆماری تایبەت بە مامۆستایانمان هەیە و بۆ قوتابیەکانیش هەمانە، هەروەها کۆمپیوتەریش بەکاردەهێنین بۆ کارەکانی رۆژانەمان و تۆماری هات و رۆشتوشمان هەیە.

بەهەمانشێوە، نورەدین حەمید عەباس، بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئاوازە)ی بنەڕەتی لە ناحیەی سەرقەڵا دەڵێت: "بۆ ماوەی (٣) ساڵە بەڕێوبەرم، لە پەروەردەی کفری منیان بە باش زانی کە ببم بە بەڕێوەبەر، هیچ خولێکی ئیداریم نەبینیوە لەگەڵ ئەوەش هیچ یاریدەدەرێکم نیە چ کارگێڕی چ قوتابیان بەهۆی کەمی ژمارەی قوتابیەکان، بۆ هەر رۆژێکیش لە دەوام نەبم بە وەکالەت یەکێک لە مامۆستاکان ئیشەکان رای دەکەن تا دەگەڕێمەوە بە دەر لە واژۆی خۆم".

وتیشی: پێدانی مۆڵەت بە شێوەیەکی رەسمی بە نوسراوە و دواتر ئاراستەی پەروەردەی دەکەم، هەروەها دۆسیەی تایبەت بە مامۆستایان و تۆماری تایبەت بە قوتابیانیشمان هەیە و زانیاریەکان تێیدا تۆمارن، بۆ هەمو کارەکانیشمان کۆمپیوتەر بەکار دەهێنین، لەگەڵ ئەوەش تۆمارەکانی هاتو و رۆشتو و هەمو شتەکان دابەشم کردوە بەسەر مامۆستاکان و بە لیژنە ئەوەم کردوە.

## ب. بەڕێوبەری ناوەندە ئامادەییەکان

لە ناوەندەکانی خوێندن بۆ بەڕێوەبردنی بە باشی، کارەکانی رۆژانە دابەشکراوە لە نێوان یاریدەدەرەکانی ئەو ناوەندانە چ کارگێڕی چ خوێندکاران.

هەمزە حەسەن محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (برایەتی) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "ناوەندەکەی ئێمە لە نێوان خۆم و یاریدەدەرەکانم رۆژانە کارەکان رایی دەکەین، خۆشم لە سەر ئەزمونی کارەکانم کە پێشتر یاریدەدەربوم کرام بە بەڕێوبەر ئەگینا هیچ خولێکی ئیداریم نەبینیوە، هەروەها یاریدەدەرێکی کارگێڕیم هەیە بۆ کاروبارە ئیدارییەکانی تایبەت بە ناوەندەکەمان لە گەڵ کاروباری مامۆستایان، لەگەڵ یاریدەدەرێکی خوێندکاران".

وتیشی: ئێمە لە پیش قەیرانی دارایی بە نوسراو مۆڵەتمان دەدا بە مامۆستایان ئەمە لە روی یاسای پەروەردە وایە، بەڵام ئێستا دۆخەکە جیاوازترە و کەمتر نوسراو بەکار دەهێنین بە تایبەت ئەمساڵ، لەگەڵ ئەوەش دۆسیەی تایبەت بە مامۆستایان و خوێندنکارانیشمان هەیە و کارەکانیش بە کۆمپیوتەر بەڕێوە دەبەین، هەروەها تۆماری تایبەت بە واژۆ کردنی رۆژانەی مامۆستایانمان نیە، بەڵام تۆماری هاتو و رۆشتومان هەیە و هەمو نوسراوەکان تۆمارکراون.

بە هەمانشێوە، عەبدولکەریم مەحمود محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (گەرمەسێر) لە کەلار دەڵێت: "لایەنی ئیداری ئێمە لە خۆم و سێ یاریدەدەر پێکدێت یەکێکیان کارگێڕییە و دوانیشیان خوێندکاران دەسەڵاتەکانمان لە نێوان خۆمان دابەشکردوە، لە نەبونی خۆشم ئەوان دێنە جێگەکەم و کارەکان بەڕێوە دەبەن، کە بوم بە بەڕێوبەر لە سەر ئەزمونی کارکردنم بوم و لە ساڵانی پێشوتر یاریدەدەر بوم، هەروەها خولیشم بینیوە لە لایەنی ئیداری کاتی خۆی سەرپەرشتیارەکان وانەیان دەوتەوە، لەگەڵ ئەوەش پێدانی مۆڵەت بە مامۆستایان هەر بە نوسراو بوە و هەر مامۆستایەک لە ماوەی ساڵەکە (٧) رۆژ مۆڵەتی خۆی هەیە بە پێی یاسا، بەڵام هەندێ مۆڵەتی دی هەیە ئەویش هەر بە نوسراوە".

وتیشی: دۆسیەی تایبەت بە مامۆستایانمان هەیە و هی خوێندکارانیش بە سیستەمی داتا بەیسە و هەمو زانیارییەکی لە سەر خوێندکاران تێدایە بە کۆد داخڵ کراون لە کۆمپیوتەر دا و بە زۆریش کۆمپیوتەر بەکاری دەهێنین، مۆری تایبەت بە ناوەندەکەی خۆشمان هەیە و وەک پێویست بەکاری دەهێنین.

لە ناوەندەکانی خوێندن زۆربەی ئەوانەی بون بە بەڕێوبەر لە سەر ئەزمونی کاری ساڵانی رابردویان بون کە یاریدەدەربون لەگەڵ ئەوەش هیچ خولێکی کارگێڕییان نەبینیوە.

یونس هیدایەت قاسم، بەڕێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (کفری) لە قەزای کفری دەڵێت: "ناوەندەکەی ئێمە لایەنی ئیداری لە خۆم و سێ یاریدەدەر پێک هاتوین یەکێکیان کارگێڕییە و ئەو دوانەکەی دیش خوێندکاران، بۆ ماوەی (٨) ساڵە بەڕێوبەرم و هیچ خولێکی ئیداریم نەبینیوە لەسەر ئەزمونی خۆم بوم بە بەڕێوبەر ئەویش لە ساڵانی پێشوتر یاریدەدەربوم و شارەزایم پەیدا کردوە لە بوارەکەدا".

وتیشی: خۆم لەگەڵ یاریدەدەرکانم پێکەوە کارەکان دەکەین و هاوکاری یەکین لە نەبونی خۆمیش وەکالەتیان بۆ دەکەم کە کارەکان رای بکەن بەتایبەت یاریدەدەرە کارگێڕییەکەم تاوەکو خۆم دەگەڕێمەوە، هەروەها پێدانی مۆڵەت لای ئێمە هەر بە نوسراوە دەبێت ناوبراو نوسراوێکمان دەداتێ و ئێمەش ئاراستەی پەروەردەی دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە تۆماری واژۆ کردنمان نیە، هەشبێت پەیرەو ناکرێت بەتایبەت لەم قەیرانەدا، بۆ راپەراندنی کارەکانیشمان کۆمپیوتەر بەکاردەهێنین بە تایبەت بۆ نوسراوە فەرمییەکان و داتابیس کردنی ناوی خوێندکاران.

لە ناوەندە ئامادەییەکانی دەروەی شار یاریدەدەرانی قوتابیان و خوێندکاران دابین نەکراوە بەهۆی کەمی ژمارەی خوێندکاران ئەمەش کارەکانی بەڕێوبەری قورس کردوە.

حەبیب سابر جەمیل، بەڕێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (شەهیدانی زەند ئاباد) لە ناحیەی کۆکس دەڵێت: "ئێمە لە روی ئیدارییەوە تەنها خۆم و مامۆستاکانین و هیچ یاریدەدەرێکم نیە بەهۆی کەمی ژمارەی خوێندکارەکان بۆیان دابین نەکردوم کە بە پێی یاسای پەروەردە وایە، بۆ کارەکانیشم کە خۆم لەوێ نەبم بە یەکێک لە مامۆستاکانی ئەسپێرم، هەروەها من بۆ ماوەی (٣) ساڵە بەڕێوبەرم و لە سەر ئەزمونی کارەکانی پێشوترم کە یاریدەدەر بوم کراوم بە بەڕێوبەر، لەگەڵ ئەوەش لە ساڵی (٢٠٠٦) خولێکم بینی لە روی ئیدارییەوە".

وتیشی: ئێمە دۆسیەی تایبەت بە مامۆستایان خۆیانمان هەیە و هەر نوسراوێکیان هەبێت پەیوەندی دار بە خۆیان تێیدا تۆماری دەکەین، بەڵام بۆ خوێندکاران گشتیە و تایبەت بە خۆیان نیە، ئەگەرچی لە ساڵانی پێشوتر فۆرمێکی تایبەت بە خوێندکاران هەبوە لە لایەن پەروەردەوە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان لە سەریان، بەڵام زۆر کاری پێنەکرا ئەو فۆرمە، ئێستاش بۆ هەر کارێکمان کۆمپیوتەر بە کاردەهێنین و هەمو زانیارییەکی تێدایە.

بە وتەی هەندێک لە بەڕێوبەران دیاریکردنی بەڕێوبەر لە کەرتی پەوروەردە لەسەر بنەمای ئیداری نەبوە لەگەڵ ئەوەش ئەوانەی کە بون بە بەڕێوبەر خولیان نەبینیوە.

عومەر عەلی محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (ڕێبەری ئێواران) لە ناحیەی پێباز دەڵێت: "پێوەر بۆ دیاری کردنی بەڕێوەبەرێکی شایستە و بە توانا لە کەرتی پەروەردە لە ساڵانی پێشو لە رێگەی خولی کارگێڕی و ئیداری نەبو، بەڵام ماوەی چەند ساڵێک بەتایبەت پێش قەیرانی دارایی ناو بەناو خول دەکرایەوە بەشێکی کەمی بەڕێوەبەرەکان لەو رێگەیەوە دەست نیشان کران، سەبارەت بە هەیکەلی ئیداری ئێمە بەو پێیەی خوێندکارمان زۆر نیە تەنها ١٣ مامۆستاین، سەبارەت بە یاریدەدەر و دەسەڵاتەکانی ئەوەیان لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ئیش و کارەکانی دیاری کراوە و بەتەنسیق لەگەڵ بەڕێوەبەر جێبەجێی دەکات دەتوانم بڵێم باشە و کارەکان بەڕێوەدەچن".

وتیشی: لەلایەکی تر پێدانی مۆڵەت بە مامۆستا پێش ئەوەی لەم سێ ساڵەی کۆتایی بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندن بکریت ئەتوانم بڵێم رێنمایەکانی پەروەردەمان جێبەجێ دەکرد بۆ کارە یاسایەکان، بەڵام ئێستا تەواوی ناوەندەکان گرفتیان لەگەڵ بایکۆت و ئامادەبونی مامۆستا هەیە و ناتوانی وەک خۆی بەنوسراو مۆڵەت و دەوام و کاتی دەوام و ڕۆشتنەوە جێبەجی بکەیت، هەروەها بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە ئێستادا زەروریەتیەکی هەنوکەییە، چونکە بەشیکی زۆری ئیش و کارە ئیداریەکانی ڕۆژانە بە کۆمپیوتەر دەکەین هەرچەند نەبونی مامۆستای پسپۆری تایبەت بە کۆمپیوتەر یەکێکە لە بۆشایە ئیداریەکان.

ئاماژەی بەوەشکرد: دۆسیەی تایبەت بە مامۆستا و خوێندکار بەدڵنیاییەوە پێویستە لەتەواوی ناوەندەکانی خوێندن هەبێت و زۆر گرنگیم پێ داوە، تۆماری تایبەت بە خوێندکاران رۆژانە گرنگی زۆری پێ دەدرێت، بەڵام تۆماری مامۆستا و بونی واژو نەخێر، لەگەڵ ئەوەش تۆماری هاتو و رۆشتوشمان هەیە و کاری یەکەمی ئیدارەیە.

## ٣. رای یاریدەدەرانی قوتابیان و خوێندکاران لە ناوەندەکان

بۆ رایی کردنی کاروبارەکانی رۆژانەی پەیوەندیدار بە خوێندکاران و قوتابیان لە ناوەندەکانی خوێندن یاریدەدەر دابین کراوە ئەمەش کاروباری ئیداری ئاسانتر کردوە بۆ کاروبارەکان کەمتر ئەرک دەکەوێتەوە سەر بەڕێوبەری ناوەندەکان.

## أ- یاریدەدەری قوتابیانی بنەڕەتیەکان

رێبوار مەجید جومعە، یاریدەدەری قوتابیان لە قوتابخانەی بنەڕەتی (هەڵوێست) لە قەزای کەلار دەڵێت: "ئەو گرفتانەی کە پەیوەندیداربێت بە قوتابیان دێتە لای من و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەین لەگەڵ دەوروبەر، لە ئەمڕۆشدا قوتابیان گرفتی زۆریان هەیە بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا، ئەمەش مامۆستایان ناچار دەکات کە دو رۆڵ ببین هەم لە پێدانی رێنمای و وانە وتنەوەش ئەمەش ئەرکی ئێمەی قورس کردوە".

وتیشی: رۆژانەش ئەرکی من ئەوەیە کە رێنمای بدەم بە قوتابیان و لەگەڵ خێزانەکانیان دانیشم و گرفتەکانیان چارەسەر بکەین، هەروەها ئەرکی من مامەڵە کردنە لەگەڵ قوتابیە لاسارەکان و رێنماییان پێدەدەم بە بەردەوامی و بوم بە هاوڕێی ئەوان و ئەرکەکەشم لە وانە وتنەوە قورس ترە، لەگەڵ ئەوەش هەر چالاکیک لە ناوەندەکەمان ئەنجام بدرێت ئەوە دێتە لای من و لە (٥٠%) ی کارەکانی قوتابیان پەیوەندی بە منەوە هەیە.

بە هەمان شێوە، سامان سەلاح حەسەن، یاریدەدەری قوتابیان لە قەتابخانەی بنەڕەتی (سیروان) لە قەزای کفری دەڵێت: "شێوازی یاریدەدەری لە ناوەندەکان دەگۆڕێت، ئەو ناوەندانەی کە لە (١٥٠) قوتابی پێکدێت (١) یاریدەدەری بۆ دابین دەکرێت، زیاتر بێت زیاتری بۆ دابین دەکرێت ئەمە بە پێی رێنماییەکانی پەروەردەیە، شێوازی دەسەڵاتەکانیش ئەوەیە کە هەر کارێک پەیوەندی بە لایەنی قوتابیانی ئەو ناوەندە هەبێت دێتە لای من چ لە رێکخستنیان لە پۆلەکان چ دانانی خشتەی چاودێریکردنی رۆژانەیان چ لە بونی هەرگرفتێک پەیوەندیدار بە قوتابیان".

وتیشی: پێدانی رێنمای بە قوتابیان ئەرکێکی ترە، ئێمە لە بازنەی (دو و سێ)ی بنەڕەتی گرفتەکان و ئەرکەکان زیاترن و هەر چالاکیەکی پەیوەندیدار بە قوتابیان کە ئەنجامی بدەن دێتە لای من و بڕیارەکەش لە کارگێڕیەوە دەردەکریت.

باسیلەوەشکرد: ئێمە لە شێوازی دو دەوامین جیاوازترە ئەو کات ئێمە بەڕێوبەرەکەمانی لێ نابێت دەسەڵاتی هەمو کارەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە ئەو (٣) رۆژەی کە بەڕێوبەری لێ نابێت هەمو دەسەڵاتێکی پێداوین.

لە هەندێک ناوەند ئەو یاریدەدەرانەی کە کاروباری قوتابیان رایی دەکەن رۆژانە بەدەر لەو کارەیان وانەش بە قوتابیان دەڵێنەوە.

کامەران حسێن محەمەد، یاریدەدەری قوتابیان لە قوتابخانەی بنەڕەتی (مەرزییە) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "ئیشەکانی من بەشکراوە هەم یاریدەدەرم هەم وانەش دەڵێمەوە وەک هەمو مامۆستاکانی ناوەندەکەمان، هەروەها وەک یاریدەدەریش کاری کارگێڕی ناوەندەکەمان دەکەم".

وتیشی: هەر کارێک پەیوەندەی بە قوتابیان هەبێت دێتەوە لای من چ لە رێکخستن چ لە دابەشکردن چ لە چاودێریکردنی خشتەی وانەکان یان هەر کارێکی دیکە، لەگەڵ ئەوەش ئێمە گرفتی ئەوتۆمان نیە، چونکە قۆناغی مناڵەکانە.

## ب. یاریدەدەری خوێندکارانی ئامادەییەکان

یاریدەدەری خوێندکاران لە ناوەندە ئامادەییەکان هاوشێوەی ناوەندە بنەڕەتیەکان زیاتر گرنگی بە رێنمایی کردن و چارەسەرکردنی گرفتەکانی خوێندکارانیان دەدەن.

ئاشتی شەفیق رەحیم، یاریدەدەری خوێندکاران لە ئامادەیی (هاوکاری) لە قەزای کەلار دەڵێت: "ئەرکی من رێنمایی کردنی خوێندکارانە چ لە روی پەروەردەوە چ لە روی رەوشی ناوەندەکەمان و خوێندنیشەوەیە لەگەڵ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە پەیوەندیدارە بە خوێندکاران چ لە لایەن مامۆستایانەوە بێت چ خوێندکاران خودی خۆیان بێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەو کارانەی پەیوەندیداربێت بە خوێندکاران ئەرکی منە و رایی دەکەم، تەنانەت دانانی خشتەی تاقیکردنەوەکانیش زۆر جار پرس بە خوێندکاران خۆیان دەکەم".

وتیشی: یەکێکی تر لە ئەرکەکانم ئەوەیە کە زانیاری تەواو لە سەر خوێندکاران کۆ بکەمەوە و لەگەڵ توێژەرەکان ئەوە دەکەین، هەروەها ئەو فۆرمەشی کە لە پەروەردەوە بۆمان دێت تایبەت بە خوێندکارانیش یەکێکی ترە لە ئەرکەکانم، تەنانەت پێدانی مۆڵەت و تۆمارکردنی نمرەکان و دیاریکردنی خوێندکارە زیرەکەکانیش ئەرکی منە.

بە هەمان شێوە، عوسمان محەمەد ئەحمەد، یاریدەدەری خوێندکاران لە ئامادەیی (بەمۆ) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "چاودێری دۆخی خوێندکارەکان دەکەم رۆژانە، هەمو ناوەندێک دو یاریدەدەری هەیە خوێندکاران و کارگێڕی، وە چاودێری مامۆستایان دەکەم کە بۆ چونە پۆلەوە وە هەر گۆڕانکارییەک لە جەدوەل رو بدات ئەوا ئاگادارییان دەکەمەوە، کارێکی ترمان سیستەمی داتا بەیسە کە هەمو زانیارییەک لە سەر خوێندکار تۆمارە تێیدا بە نمرەکانیانیشەوە و لە کۆمپیوتەردایە".

وتیشی: شارەزایم لە کۆمپیوتەر هەیە، بەڵام زۆر باش نیم، هەروەها هیچ خولێکی ئیداریم نەبینیوە ئەوەی دەیکەم لە ئەزمونی خۆم و بیرکردنەوەی خۆمە و خۆمان خۆمانمان پێگەیاندوە، هەروەها ئیشەکانی من زیاتر پەیوەندی بە خوێندکارانەوە هەیە چ لە مۆڵەت پێدان چ لە ئاستی زانستی و رەوشت و زۆرنەهاتو بۆ دەوام.

باسیلەوەشکرد: ئێمە کێشەیەکی دیکەمان هەیە ئەوەیە ئەم ناوەندە تازانەی کە دروست کراون بە پێی ستانداردی جیهانی کراوە و یاریگەی تایبەتی تێدا نیە بۆ کچان ئەمەش ئەرکی ئێمەی قورس کردوە و دەبێت بەردەوام چاودێری خوێندکاران بکەین لە دورەوە لەگەڵ چەند مامۆستایەکی دیکەدا.

لە هەندێک ناوەندە یاریدەدەرەکان ئەرکیان ئەوەیە لە پێدانی رێنمای بە خوێندکاران لەبارەی یاسا و رێساکانی خوێندنگە و پەروەردەوە ئەمە دەستپێکی کارەکانیانە لە سەرەتای دەوامەوە.

دانا سابر سەبری، یاریدەدەری خوێندکاران لە ئامادەیی (پێباز) لە ناحیەی پێباز دەڵێت: "بۆ ماوەی (٣) ساڵە یاریدەدەری خوێندکارانم وەک یاریدەدەر ئەرکم زیاتر سەرپەرشتی کردنی خوێندکارانە چ لە وەرگرتنیان چ لە دابەشکردنیان بەسەر پۆلەکان وە پێدانی رێنماییە بە بەردەوامی، تەنانەت لە سەرەتای دەوامەوە رۆژانە (٢) کاتژمێر کۆبونەوەیان پێدەکەین و رێنماییان پێدەدەین سەبارەت بە یاسا و رێساکانی خوێندنگە و پەروەردەش، هەروەها ئێمە سەرپەرشتی لیژنەی تاقیکردنەوەکان و وەرگرتنی زانیاری تۆمارکردنی و سەردانکردنی خێزانی خوێندکاران هەمو ئەمانە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە و ئەرکی ئێمەیە".

وتیشی: لەگەڵ ئەوەش هەر خوێندکارێک لاواز بێت لە وانەکانی پەیوەندی بە خێزانەکانیان دەکەین لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنیەوە ژمارەی خێزانی هەمو خوێندکارەکانمان لایە و ئاگاداریان دەکەینەوە، پێدانی مۆڵەت بە خوێندکارانیش بە رەزامەندی خێزانەکانە چ لە رێگەی تەلەفۆن چ لە ریگەی سەردانکردنەوە بێت، لەگەڵ ئەوەش

شارەزایی ئەوتۆم نیە لە کۆمپیوتەر بەس دەتوانم کارەکانی پێ رایی بکەم، هیچ خولێکی ئیداری و کۆمپیوتەر و تەنانەت دەروونناسیشم نەبینیوە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ خوێندکار بکەین.

لە هەندێک ناوەند بەڕێوبەرەکان دەرفەتی زیاتریان داوە بە یاریدەدەرەکانیان وهەندێکیان لەپاڵ کاری تایبەت بە خوێندکاران کاری کارگێڕیش دەکات.

جوانە ناسح فەتاح، یاریدەدەری خوێندکاران لە ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری دەڵێت: "ئێمە دو یاریدەدەر و بەرێوبەرەکەمانین ئیشەکانمان دیاری کراونیە و و ئیشێکم هەبێت تایبەت بە خۆم، ئێمە هەر سێکمان پێکەوە کارەکان رای دەکەین و تەواوکەری یەکترین، لەگەڵ ئەوەش ئەوەی زیاتر دێتە لام و پەیوەندی بە من هەبێت ئەو ئیش و کارانەیە کە زیاتر پەیوەندیداره بە خوێندکاران لە ناوەندەکەمان چ لە رێنمای پێدان بێت چ لە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان بێت".

وتیشی: تەنانەت بەڕێوبەرەکەم دەرفەتی ئەوەی پێداوم کە کاروباری کارگێڕیش ئەنجام بدەم، تەنانەت لەگەڵ مامۆستاکان و خوێندکارەکان پێکەوە خشتەی تاقیکردنەوەکان دادەنێین و زۆر جار بە دڵی خوێندکاران دەبێت، من وەک گەیەنەری نێوان مامۆستا و خوێندکارم.

## ٤. رای یاریدەدەرانی کارگێڕی لە ناوەندکان خوێندن

لە ناوەندەکانی خوێندن لە سنوری پەروەردەی گەرمیان یاریدەدەری کارگێڕی (معاون) دابین کراوە بۆ ئەوەی لە نەبونی بەڕێوبەری ئەو ناوەندانە کارەکان رای بکرێت و دەستکراوە ترین لە راپەڕاندنی کارەکانی رۆژانە.

## ا. یاریدەدەری کارگێڕی بنەڕەتیەکان

لە هەندێک لە ناوەندەکان ئەو کەسانەی کە بون بە یاریدەدەری کارگێڕی لەسەر ویستی بەڕێوبەر و مامۆستایان بون و لە سەر بنەمای ئیداریی نەبوە و تەنانەت خولی ئیدارە و بەرێوبردنیشیان بۆ نەکراوەتەوە.

ئازاد عەبدوڵا رەحیم، یاریدەدەری کارگێڕی لە قوتابخانەی (راپەرین)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "بۆ ماوەی (٧) ساڵە یاریدەدەری کارگێڕیم و ئەوەی پەیوەندیداربێت بە لایەنی کارگێڕی دێتە لای من چ لە تۆمارەکان بێت چ لە

نوسراوەکان بێت و تۆمارکردنیان بە هاوکاری بەڕێوبەرەکەم ئەنجامی دەدەین، لەگەڵ ئەوەش چەن ساڵە یاریدەدەرم خولم نەبینیوە تایبەت بە کارگێڕی، بەڵام خولە دیکەم بینیوە".

وتیشی: شارەزایم باشە لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ ئەنجامدانی ئیشەکان، بەدەر لە ئیشی کارگێڕی چەندان ئیشی دیکەی ناوەندەکەمان دەکەم و تەنانەت باخچەکەشمان زۆربەی ئیشەکانی و ئاودانیشی خۆم دەیکەم، بۆیە هیچ ئیشێکم بە دیاریکراوی بۆ خۆم دانەناوە.

گۆران نامیق ئیبراهیم، یاریدەدەری کارگێڕی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (شۆڕش) لە قەزای کفری دەڵێت: "کە بوم بە یاریدەدەر لەسەر ویستی بەڕێوبەرەکەم و مامۆستاکان بوم، چونکە هەندێک جار ئیش و کاری ناوەندەکەمانم ئەنجام دەدا ئەو کاتیش تەنها مامۆستا بوم، بۆیە بەڕێوبەرەکەم زۆر هاوکارمە و دەسەڵاتی تەواوی پێداوم لە چوارچێوەی یاسای پەروەردە".

وتیشی: من هیچ خولێکم نەبینیوە لە روی ئیدارییەوە لە سنوری پەروەردەی کفری و کەسیش داوای لێنەکردوین کە خول ببینم ئەوەی کە دەیکەم لە سەر ئەزمونی کاری خۆمە کە لەگەڵ بەڕێوبەرەکەم ئەنجامی دەدەین چ لە روی کارگێڕی چ لە روی قوتابیانیشەوە.

لە هەندێک لە ناوەندەکان بەڕێوبەرەکان یاریدەدەرەکانیان دەستکراوەتر کردوە بۆ ئیش و کارەکان ئەمەش وایکردوە کارو بارەکانی ئەو ناوەندە بە باشی بەرێوەبچێت.

بەمۆ ئیبراهیم، یاریدەدەری کارگێڕی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (شێخ حسێن) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "کارەکان لە ناوەندەکەی ئێمە لە نێوان دو یاریدەدەر و بەڕێوبەر دابەشکراوە، کاروباری قوتابیان و کارگێڕی ئەو ناوەندە پێکەوە دەکەین، تۆمارکردنی نوسراوەکان چ لە دەرکردنی فەرمان چ لە وەڵامدانەوەی نوسراوەکان ئەمانە کاری منن لەگەڵ تۆمارکردنی نمرەی قوتابیان و دروست کردنی تۆمارەکەشیان، هەروەها تۆماری سەردانی مامۆستایانیش بۆ پۆلەکان لەلای منە".

وتیشی: ئێمە رۆژانە لەگەڵ بەرێوەبەرەکەم پێکەوە کارەکان رای دەکەین و دەستکراوەی کردوین بۆ ئیش و کارەکان چ لە پێدانی مۆڵەت بە مامۆستایان و قوتابیانیش، هەروەها لە نەبونی بەرێوەبەرەکەش کارەکان من رایی دەکەم بە وەکالەت تا دێتەوە.

باسیلەوەشکرد: بۆ ماوەی (٨) ساڵ دەبێت یاریدەدەرم و هیچ خولێکی ئیداریشم نەبینیوە.

## ب. یاریدەدەرانی کارگێڕی ئامادەییەکان

زۆری کارەکانی ناوەندە ئامادەییەکان و زۆری ژمارەی خوێندکارەکانیان وایکردوە بەشێک لەو ناوەندانە پێویستیان بە زیاد لە یاریدەدەرێک هەبێت و یاریدەجەری کارگێریش لایەنێکی گرنگی بەرێوەبردنی کاروباری ناوەندەکانە.

هاوار حەمید مەجید، یاریدەدەری کارگێڕی لە ئامادەیی (برایەتی تێکەڵ) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "زیاتر پەیوەندیم لەگەڵ بەڕێوبەردایەو زیاتر ئیشەکانم وەڵامدانەوەی ئەو نوسراوانەیە کە ئاراستەی ناوەندەکەمان دەکرێت وە دەرکردنی فەرمانە بە هاوکاری بەڕێوبەرەکەم، لە هەمان کاتیشدا پەیوەندیم بە مامۆستایانیشەوە هەیە ئەو نوسراوانەی تایبەت بە ئەوان کە دێتە لامان یەکی نوسخەیەکی بۆ خۆیان و نوسخەیەکیش دەخەمە دۆسیەکانیانەوە ئەوەی تایبەت بێت بە خۆیان".

وتیشی: زۆر جار بەڕێوبەرەکەم ئامادە نابێت بە وەکالەت دەچمە جێگەکەی تا دێتەوە و لە بری ئەو تەواوی کارەکان رایی دەکەم و ئیشەکانمان دابەشکردوە لە نێوان خۆمان، هەروەها شارەزایم هەیە لە کۆمپیوتەر ئەوەی پێویست بێت دەتوانم رایی بکەم، لەگەڵ ئەوەش هیچ خولێکی ئیداریم نەبینیوە، بەڵام خولی دیکەم بینیوە.

بە هەمان شێوە، حسێن قادر عوسمان، یاریدەدەری کارگێڕی لە ئامادەیی (گەرمەسێر) لە کەلار دەڵێت: "ئەوەی کە سەرەکی بێت و پەیوەندی بە منەوە هەبێت ئەوەیە تۆماری ئیداری و رێکخستنی و تۆمارکردن و فەرمان دەرکردن و وەڵامدانەوەی نوسراوە، وە تۆمارکردنیانە لە تۆماری هاتو و رۆشتو هەمو ئەمانەش لەگەڵ بەڕێوبەرەکەم پێکەوە بە هەماهەنگی دەیکەین، هەروەها شارەزایم لە کۆمپیوتەر هەیە و دەتوانم ئیش و کارەکانی پێ بەرێ بکەم".

وتیشی: بۆ پێدانی مۆڵەتیش بە مامۆسایان سەرەتا دەبێت عەریزەیەک بنوسن دواتر دەچێتە لای بەڕێوبەر و دوای ئەوە دێتەوە بۆ من و دەکرێت بە نوسراو، بۆیە بەڕێوبەرەکەم سەرپەرەشتی هەمو کارەکان دەکات و لە نەبونی ئەو بەوەکالەت من دەچمە جێگەکەی تا دێتەوە بۆ راپەڕاندنی کارەکان.

باسیلەوەشکرد: هیچ خولێکم نەبینیوە و لە سەر ئەزمونی خۆم کارەکان رای دەکەم ئەگەر چی بۆ ماوەی (١) ساڵ لە لادێ بەڕێوبەر بوم، مۆریش لەلای ئێمە هەیە و زۆرترین کات پێویستم بە مۆرە.

دانانی یاریدەدەری کارگێڕی بۆ ناوەندەکانی خوێندن بۆ راپەراندنی ئەو کارانەیە کە پەیوەندیدارە بە لایەنی ئیداری ئەو ناوەندە ئەگەر چی هەندێکیان کارەکانی خوێندکارانیش ئەنجام دەدەن.

عەلی فازڵ محەمەد، یاریدەدەری کارگێڕی لە ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری دەڵێت: "من یەکەم ساڵمە وەک بەشی ئیداری کار بکەم لەم ناوەندە و دو یاریدەدەری ترمان هەیە و پێکەوە کارەکانی ئیداری و خوێندکاران رای

دەکەین، ئەوەشی پەیوەندی بەلایەنی ئیدارییەوە هەبێت دێتە لای من چ لە فەرمان دەرکردن چ لە وەڵامدانەوەی نوسراو و چ لە تۆمارکردنی نوسراوەکان و چ لە هەندێک ئیش و کاری خوێندکارانیش ئەوەی پەیوەندی بە من هەبێت دێتە لام و دواتر لەگەڵ بەڕێوبەرەکەم پێکەوە چارەی دەکەین".

وتیشی: گەیاندنی کێشە و گرفتەکان و داخڵ کردنی زانیاری لەسەر خوێندکاران لە کۆمپیوتەر ئەرکی منە و تا رادەیەک شارەزایم لە کۆمپیوتەر هەیە و کارەکانی رۆژانەی ناوەندەکەمانی پێ رایی دەکەم، لەگەڵ ئەوەش هیچ خولێکی ئیداریم نەبینیوە، بەڵام بەڕێوبەرەکەم هاوکارێکی زۆر باشمە.

## ٥. رای بەڕێوبەرانی پەروەردە و سەرپەرشتیاران لەسەر بەڕێوەچونی لایەنی کارگێڕی ناوەندەکان

سەبارەت بە بەڕێوبەردنی لایەنی کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندن بۆ دابین کردنی یاریدەدەر و دانانی بەڕێوبەر لەسەر چ بنەمایەک هەریەک لە بەڕێوبەرانی پەروەردەکان و سەرپەرشتیاران رونکردنەوەی زیاتر دەدەن و باس لەوەدەکەن دانانی بەرێوبەر زیاتر دەگەرێتەوە بۆ بونی ئەزمون.

عەدالەت لەتیف عوبێد، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "لایەنی کارگێڕی ناوەندەکان هەمویان بە یەک تیم ئیش دەکەن تەنها ئەوەیە کە ئیش و کارەکان دابەشکراوە و پۆلێن کراون، لایەنی کارگێریش لە بەڕێوبەر و یاردەدەرەکان پێکدێت، کاتیبە و نوسەرەکان بۆ ئەوە نەکراون کە ئیشی ئیداری بکەن، بەڵکو تەنها بەڕێوبەر دەتوانێت سەڵاحیەت بدات وەک هاوکارییەک ئیشەکان بکەن پێکەوە، ئەگینا کارەکان زیاتر ئیشی یاریدەدەرەکان و بەڕێوبەرەکەیە بۆ تۆمارکردنی نوسرا و نمرەی قوتابیان و خوێندکاران ئەوان لێی بەرپرسن، هەروەها لە هەر ناوەندێک ژمارەی قوتابیان کەمتربێت (١٥٠) کەس ئەوا یاریدەدەری بۆ دانانرێت بەتایبەت لە گوندەکان ئەمەش بە پێی رینماییەکانی پەروەردەیە".

وتیشی: بەڕێوبەر لێرەدا دەتوانێت ئیشەکانیش دابەش بکات بە سەر یاریدەدەرەکان چ لایەنی کارگیڕی چ قوتابیان چ چالاکییەکان، هەروەها دانانی بەڕێوبەریش لەسەر بنەمای ئەوە نیە کە یاریدەدەر بێت بەڵکو بەشێکە لە ئەولەویەتی کارەکە و تەنها بونی ئەزمونە، ئەگینا لە ناوەندی گوندەکان بەڕێوبەری وامان هەیە یاریدەدەر نەبوە هیچ یاسایەکمان دانەناوە بۆیان و بەڕێوبەریشە.

باسیلەوەشکرد: لە پلانماندایە خولی کارگێڕی بکەینەوە و بۆ ئەو بەڕێوبەرانەی کە تازەن و لەگەڵ بەشی راهێنانی پەروەردەی گشتی گەرمیانیش قسەمانکردوە، لەگەڵ ئەوەش لە ساڵانی پێشوتر خول هەبوە، بەڵام ئەو یەک دوساڵەی کۆتای بەهۆی دۆخەکەوە خولەکان تا رادەیەک وەستاوە ئەگەرچی خولی دیکەمان هەبوە ئەمساڵ.

بە هەمان شێوە، ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، دەڵێت: "لایەنی کارگێڕی ناوەندەکان باشە، ئەم سیستەمەش دەکەوێتەوە سەر دو رێچکە یەکەمیان، تا چەند بەڕێوبەر شارەزایی هەیە لە کارگێڕی و ئیشەکانی بە کارگێڕیانە دابەش بکات و رێکیان بخات، دوەمیش، پەروەردە و سەرپەرشتیاران تاچەند بە پێی رێنماییەکان و یاسا بەدواداچون دەکەن بۆ ئیش و کاری ناوەندەکان، بۆیە ئەگەر گرفت لەم دو لایەنە هەبێت ئەوا لایەنی کارگێڕی ناوەندەکان نا تەندروست دەبێت".

وتیشی: لە پەروەردە شتی وا نیە لەسەر بنەمای یاریدەدەری ببیت بە بەڕێوبەر ئەمە مەرج نیە بەڵکو تەنها ئەزمونە، خولی ئیداریش هەبێت چ سودێکی دەبێت بۆ کەسێک (٥) ساڵ بەڕێوبەر بێت، پێویستە لە پێشدا خول بکرێتەوە و کەسەکان رابهێنرێت لەسەر کارگێڕی دواتر بهێنرێت و بکرێت بە یاریدەدەر یان بەڕێوبەر شتەکان لێرە پێچەوانەیە".

باسیلەوەشکرد: یەکەی سەرپەرشتیاریمان نیە و ئەوانەی کەلاریش بەهۆی دۆخەکە سەردان ناکەن، لەگەڵ ئەوەش لە ئەمساڵی خوێندنەوە لە پلانماندایە یاریدەدەرە کارگێڕییەکان یەک بخەینەوە.

ئەرکی سەرپەرشتیارانی کارگێڕی چاودێری کردنی ناوەندەکانی خوێندنە لە روی بەڕێوەبردنیان لە لایەنی کارگێڕی و چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکانیان و چاودێریکردنیان بە بەردەوامی ئەگەرچی بە هۆی دۆخەکەوە سەردانەکانیان بۆ دەرەوەی شار راگیراوە.

وەهاب ئەحمەد محێدین، سەرپەرشتیاری پشپۆڕی کارگێڕی لە سنوری پەروەردەی گشتی گەرمیان، دەڵێت: "ئێمە لە ساڵانی رابردو سەردانکردنمان بۆ ناوەندەکان وەک سەرپەرشتیاری کارگێڕی چڕ بو، بەڵام لە ئێستا بەهۆی دۆخەکەوە شتەکان گۆڕاوە و گۆڕانکاری تێیدا روی داوە، سەردانەکانمان لە ساڵانی پێشوتر سێ سەردان بو (سەردانی رێنمایی، بەدواداچون و هەڵسەنگاندن) بو بۆ ئیش و کارەکانی تایبەت بە کارگێڕی بۆ تۆمارەکان و چاودێریکردنیان کە نزیکەی (٣٠) تۆمار دەبن بۆ سەرجەم ئامادەییەکانی سنوری پەروەردەی گەرمیان، هەروەها چاودێرکردنی کێشەکانیان و ئاستی زانستی و نەقسی میلاکات هەمو ئەمانە ئێمە بەرپرسین لێی".

وتیشی: لە ئێستادا شتەکان دو جار گۆڕان، یەکەمیان وتیان سەردانەکان کەمبکەنەوە بۆ دو سەردان و پارەی مەسروفاتیان کەمکردەوە، دوەمجار وتیان سەردانەکان بکەن بە گروپ کە ئێستا کاری پێدەکەین و بەگروپ سەردانی

ناوەندەکانی ئامادەیی سنوری پەروەردەی گەرمیانمان کردوە، بەڵام تەنها بۆ سەنتەری شار و ناحییەکان بەهۆی ئەوەی گرفتەکان زیاتر لە سەنتەری شار هەیە.

باسیلەوەشکرد: ئێمە وەک سەرپەرشتیاری کارگێری دانانی بەرێوبەر و یاریدەدەر و گواستنەوەی مامۆستایان و تەنسیب کردنیان ئەرکی ئێمەیە، ئەگەرچی ئێستا زۆرجار پەروەردە خۆی دەیکات، هەروەها دانانی بەرێوبەر نابێت پسپۆری بابەتە زانستیەکان بێت، ئەمە بە پێی رێنمای وەزارەتی پەروەردەیە، لەگەڵ ئەوەش خولی گشتی کراوەتەوە بەتایبەت بەرێوبەرانی سەنتەری شار تێیدا بەشداربون، بەڵام خولی ئیداری چەند ساڵێکە نەکراوەتەوە ئەبوایە ئەمساڵ بکرایەتەوە بەڵام جارێک دیار نیە، هەروەها هەر بەرێوبەرێکیشمان دانابێت نەبوە ئەزمونی نەبێت و کاری یاریدەدەری نەکردبێت.

بە هەمان شێوە، جبرائیل ئیبراهیم محەمەد، سەرپەرشتیاری کارگێری پەروەردەی بنەڕەتی لە پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "ئیش و کاری ئێمە سەردانکردنە بۆ ناوەندەکان بەتایبەت لە ئێستا کە بەس بۆ سەنتەری شارە لە ساڵانی رابردوش سەردانی گوندەکانمان کردوە، ئێمە بەرپرسین لە ئیدارەی ناوەندەکان و ئەو تۆمارانەی تایبەتە بە کارگێری و هەروەها قوتابیان و مامۆستایانیش چاودێرییان دەکەین لە ئیش و کارەکان".

وتیشی: لە ساڵانی پێشوتر خولی ئیداری هەبوە بەرێوبەر و یاریدەدەرەکان تێیدا بەشدار بون و هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەیان بۆ کراوە لەو هەڵسەنگاندنە دەرچوبان و خزمەتیان هەبوایە بۆ ماوەی (٥) ساڵ ئەوا دەبون بە بەرێوبەر یان یاریدەدەر، لەگەڵ ئەوەش زۆربەی ئەوانەی کە بون بە بەرێوبەر لە ساڵانی پێشوتر لە سەر بنەمای حزبی بون هی وا هەبو لە هەڵسەنگاندنکە دەرنەدەچو داکرا بە یاریدەدەر یان بەرێوبەر.

لە بەرامبەریشدا، دارا ئەحمەد سەمین، بەرێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، سەبارەت بە شێوازی بەرێوەبردنی لایەنی کارگێری ناوەندەکان دەڵێت: "لایەنی کارگێری ناوەندەکان و باخچەکان تا رادەیەک تەنسیقێکی باش هەیە لە نێوان کارگێری و پەروەردە و سەرپەرشتیاران، ئەگەرچی بەهۆی دۆخەکەوە سەردانەکان کەمتر بون، بەڵام ئێمە لە رێگەی سەرپەرشتیارەکانەوە ئاگامان لە ناوەندەکانە. ئەوانەی بون بە بەرێوبەر و یاریدەدەر کەسی شایستەن و شارەزاییان هەیە لە کارگێری و باش بەرێوە دەچێت و هەر بەرێوبەرێکیش زیاتر لە (٥) ساڵ خزمەتی هەبوە و کاری یاریدەدەریشی کردوە دواتر بوە بە بەرێوبەر".

وتیشی: "خول کراوەتەوە تەنانەت خۆم وانەم وتوەتەوە لە خولەکە لە ساڵی پار تایبەت بە کارگێری بەرێوبەرانیش تێیدا بەشداربون مەگەر ژمارەی بەشداران سنوردار بن، سەرەڕای چەندین خولی تر کە لە ئەمساڵ کراوەتەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد: دانانی یاریدەدەر لە ناوەندەکانی خوێندن بەپێی ژمارەی قوتابیان و خوێندکارانە کە نابێت کەمتربێت لە (١٥٠) کەس، هەتا زیاتر بن زیاتریان بۆ دابین ئەکرێت، لەدەرەوەی شاریش کە یاریدەدەر نیە هۆکارەکەی ئەمەیە.

## بەشی سێیەم: ڕاسپاردەکان

١. لەمیانەی ڕاپۆرتەکەمانەوە ئەوەمان بەرجەستەکرد کە لایەنی کارگێڕیی لە ناوەندەکانی خوێندن، لە ئەولەویەتی بایەخپێدانەکان نین، بەڵکو شتی لاوەکین، هەربۆیە ئەو کەسانەی ئەم کارە ڕادەپەڕێنن، پسپۆڕی کارگێڕیی نین، بەڵکو مامۆستان و کاری تریان لەسەرە.

٢. لە دانانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکان، هیچ پێوانەو بنەمایەکی ڕون و یەکانگیر نییە، بەڵکو هەندێک لەوانە بە تەزکیە، هەندێکی تریان بە پشت بەستن بە ئەزمونیان، هەندێکی تریشیان بە تەکلیف و خاتر ئەو پۆستەیان وەرگرتوە، بۆیە پێویست دەکات هەندێک بنەما دیاریی بکرێت کە بە بونی ئەو بنەمایانە لە خودی مامۆستاکە، ئینجا پۆستی بەڕێوەبەر یان یاریدەدەریان پێبدرێت.

هەروەها نەبونی پێوەر بۆ دانانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکانی، ئەگەری دەستوەردانی حیزب و بەرپرسانی حیزبیی لە ناوەندەکانی خوێندن زۆرتر دەکات، بۆیە گرنگە پێوەرێک دابنرێت کە پشت بە بنەمای زانستیی و کارگێڕیی ببەستێت، نەک هۆکار و ئیعتیباراتی دیکە.

٣. زۆربەی رەهای بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکان (ئەوانەی ئێمە دواندومانن)، هیچ خولێکی شیاندن و ڕاهێنانیان لە بوارەکەیان نەبینیوە، بەڵکو هەر بە ئەزمون یان بە بۆچونی خۆیان کارەکان ڕایی دەکەن، کە ئەمەش وادەکات لایەنی کارگێڕیی ناوەندەکانی خوێندن زۆر تۆکمە نەبێت.

بۆیە پێویستە ساڵانەو پێش هەر وەرزێکی خوێندن، خولی ڕاهێنان و بەهێزکردنی کارگێڕیی بکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکان، بەشێوەیەک کە خولەکان بگونجێن لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی لە سیستەمی خوێندن و پەروەردەدا بڕیاریان لێدەدرێت بۆ ئەو ساڵە.

٤. زۆرینەی ئەرکی بەڕێوەبەران و یاریدەدەرانی بەڕێوەبەران، بریتییە لە بەڕێکردنی کارەکان، نەک داهێنان و گۆڕانکاریی کردن، چونکە زۆرتر کارەکان لەوەدا چڕ بونەتەوە کە بەڕێبخرێن نەک هەڵسەنگاندن بۆ کۆی پرۆسەی خوێندن لەو ناوەندەو کاتی خوێندکاران و مامۆستایان و لایەنە بەهێز و لاوازەکانی ئەو ناوەندانە بکرێت.

٥. لەکاروبارەکانی کارگێڕیی ناوەندەکان، پشت بەستن بە کۆمپیوتەر و تەکنۆلۆژیا، سست و لاوازە، ئەمە سەرباری ئەوەی ئاگایی و زانیاریی بەشێک لە بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکان لەو رووەوە، سست و لاوازە.

٦. چاودێرییکردنی لایەنی کارگێڕیی ناوەندەکان زۆر سست و لاوازە، سەردانی سەرپەرشتیاران بۆ ناوەندەکان کەمە بەکاریگەریی قەیرانی دارایی، بۆیە پێویستە چارەسەرێک بدۆزرێتەوە لەبری ئەوە دەکرێت کۆبونەوەی مانگانە یان ٢ مانگ جارێک ئەنجام بدرێت بۆ بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکان، چ بۆ هەڵسەنگاندن یان گەیاندن و پێدانی زانیاریی نوێ پێیان.

٧. دەتوانرێت فۆرمێکی تایبەت ئامادە بکرێت و کۆمەڵێک پرسیار لەبارەی لایەنی کارگێڕیی ناوەندەکانەوە ئامادە بکرێت، کە بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکانی مانگانە وەڵامی بدەنەوە بۆ زانینی ئەوەی ناوەندەکان لەروی کارگێڕییەوە لە چ ئاستیک دان و لە چ رویەکەوە کەموکورتییان هەیە.


- ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:

ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە.

زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە.

رێناس ساڵح، دۆسیەی تەندروستی.

**بۆپەیوەندی:**

٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠ —٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org